# دەسەڵاتی زاڵ لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە

## تەها ئەمین هەڵەدنی

گومانمان نیە، کەئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر،کورد پێویستی بە قەڵەم لەشانە ویژدان زیندووەکانە . لەوەش زیاتر کورد لە هەموو ڕۆژ زیاتر پێویستی بە خۆ چەکدار کردنە، بەچەکی گوللە گرداڕەکانی خوێندنەوەی هەمەڕەنگە. ئەگەر لاسایی نەتەوە پێشکەووتووەکانی ئەوروپا نەکەینەوە لە خوێندنەوەی هەمەڕەنگ، کارمان هەرگیز مەیسەر نابێ.

گۆلدە مائیری سەرەک شالیاری ئیسرائیلی 70کان لە ووتەیەکی جوانیدا نەتەوەکەی دڵنیا دەکاو ئەڵێ: عەرەب ناخوێنێتەوە، کە دەخوێنێتەوە تێناگا، کە تێشدەگا، کاری پێناکا.

لەڕاستیدا گۆلدە مایئر باشی پێکاوە، ووتەکانی ناوبراو لە گۆڕەپانی پراکتیکیشدا سەلمێنردرا.

بۆ نمونە ساڵی 1991 لە هەموو وولاتانی عەرەبیدا تەنها 5600 پەڕتووک بەچاپ گەیەندراوە.

بەلام هەمان ساڵ لە وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا 102000 پەڕتووک بەچاپ گەیەندراوە، لە ئەمەریکای باشور 42000 پەڕتووک،سەرچاوە ماڵپەڕی ئەلجەزیرە.

http://www.aljazeera.net/NR/exeres/F32CD8F1-B629-46BB-9E9B-4524DBB7A883.htm#1

تا ئێستا, ئەم ئامارە مەترسیدارترین زەنگە، لەمێژووی بزاڤی ڕزگاری و گۆڕانکاری کۆمەڵگاکەماندا. ئەگەر لە غەمی ئایندەی گەلەکەماندان، بەڕاستی پێویستە لەو پەڕی لە خۆ بردویەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ستاتستیکە بکەین. پێویستیشە بەزوترین کات ناوەندێکی تایبەت دروست بکرێت بۆ لێکۆلینەوە لەم دیاردە ترسناکە. چونکە کوردیش بەشێکە لەو پرۆسەیە، کوردیش نەتەوەیەکی ئیسلامە و فێرکراوە کە هەمیشە بڵێ ئەگەر خوا ویستی.

گۆلدە مائیر ئاماژە تەنها بۆ عەرەب دەکا ،بەلام لە ڕاستیدا گۆڵدەمائیر نەیویستوە کە هەموو گەلە ئیسلامیەکان لە خۆیان بورووژێنێ.

لەڕاستیشدا جودای بەدیناکرێت، لە نێوان عەرەبی ئیسلام یا نەتەوەکی جودا دا، چونکە هەموویان بە یەک دیالەکتیک دەدوێن،بیکوژە، بیڕە،سەربیرە.

باشترین نمونەش سورەی مائدە ئایەی 33

سەزای ئەو کەسانەی کە بە دژی خودا و پێغەمبەری وی شەر دەکەن و لە سەر ئەرز فەساد دەکەن؛ جگە لەوە نییە کە بکوژرین یان بدرێن لە سێدارە یان دەست و پێیەکانیان بە پێچەوانەی یەکتر ببردرێنەوە یان لەو ولاتە وەدەر بنرێن(تەبعید). ئەوە ریسوایی وانە تەنیا لەم دونیایە و لە ئاخرەت عەزابێکی گەورەتر چاوەروانیان دەکات."

جا با ئەو ئیسلامی سعودی بێ یا ئەمیان تایلەندی ئەیتریان چەچێنی.

چونکە هەموو باوەڕیان وایە کە تەنها پەڕتوک پەڕتووکی خوایە، ئەویش قورئانە.

کاتێک عەرەبەکان گەشتنە میسر و چاویان بەو هەموو پەڕتووکەی کتێبخانەکانی میسر کەوت،سەریان سووڕماو بەچاوی خۆیان باوەڕیان نەکرد.

ئەوەبوو نامەیەکیان نارد بۆ عومەری کوڕی خەتاب، کەچی لەو هەموو پەڕوتوکە بکەن؟

عومەری کوڕی خەتاب لە وەلامدا ئەڵێ:هەمووی بسووتێنن، خوا پەرتووکێکی بۆ ناردوین،هەرچیش زانست و زانیاریش هەیە، خوا ئاماژەی بۆ کردوە لە قورئاندا،بۆیە پێویستمان بە پەڕتووکی تر نیە.

بەڵگە نەویستە کە سەرچاوەی هەرەزۆری ئەو نەهامەتیە و ئەو کارەساتانەی کە تووشی گەلانی ناوچەکە هاتوون، کە خەڵک تامەزرۆی خوێندنەوە نیە، پەرتووکیش چاپ بکرێت، کەڵکێکی وای نابێ، چونکە خوێنەری نیە. هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەسەلاداری ئایدلۆجیای ئیسلامی لەناوچەکەدا.

ئەگینا لە ڕاستیدا جیاوازیەک لە نێوان ئەمەریکی و عەرەبێکدا نیە،جگە لەو ژینگەیەیی کە تێیدا دەژین.

هەرهەمان سەرچاوە ئاماژە دەکا کە 70 میلێۆن نەخوێندەوار لە وولاتانی عەرەبیدا هەیە.

جیاوازیەکە زۆر گەورەو گرانە، 5600 پەڕتووک بەرامبەر 102000!

کێشەی وولاتانی عەرەبی ئیسلامی تەنها نەخوێندەواری نیە، بەڵکوو دەبینین کەخوێندەواریشان تێدایە، بەلام لە پەڕتووکە ئاینەیەکان بەولاوە تابوە کە کتێبی دیکە بخوێنێتەوە. چونکە مەلاکان، جگە لە پەڕتووکی ئاینی ،ئەوانی دیکەیان تابوو کردوە.

تا سەردەمانێکی نزیک لە کوردوستان کۆنەپەرستانی ئیسلامی و ئاغاکان بە فیزیاو کیمیان دەگووت دەرسی شەیتانی. بە ئێستاشەوە بە زانستیەیەکان بەدوژمنی سەرسەختی ئیسلام و خوا دەبینن.

هۆکاری سەرەکی ئەم دەرئەنجامانەش، ئەفلاتوون بەڕاکشاوی ئاماژەی بۆ کردون.

خۆ ئەگەر سەرنجێکی سەرپێی بدەینە ئەم بیردۆزەی ئەفلاتون، ئەوسا بۆمان ئاشکرا دەبێ کە هێشتا ئەفلاتون لەناوماندا دەژی و هەتا هەتاهەتایشە ئەفلاتون وەک ئەستێرەیەکی گەش لە بیاباندا ڕێنمامانە.

ئەفلاتون نزیکەی 2500 ساڵ پێش ئەمرۆئەم بیردۆزی نووسیەوە. دەبا بزابین کە هەمان بیردۆز کراسێک نیە کە پڕ بە بەری دەسەلاتدارە زاڵەکانی ئەمرۆ؟

حەزرەتی ئەلاتوون ئەفەرموێ: ملهۆڕەکان بە کەڵەگای خۆیان دەسەپێنن بەسەر دەسەلاتدا، بە توندوتیژی وکەلەگای دەسەلاتیان بەکار دەهێنن.

کە دەسەلاتیشیان گرتە دەست، سەرەتا دەست دەکەن بە بەڵێندان بەخەڵکی. بە بەربلاوی زەوی دابەش دەکەن زەوی بەسەر هاولاتیدا، تا خۆیان خۆشەویست بکەن لەلای جەماوەرە.

پاشان جەنگ هەڵدەگیرسێنن، قەیرانی کەمی بەرهەم دروست دەکەن و کرێکاران ناچار دەکەن، کە کاری زیاتر بکەن، تا بەو شێوە هاولاتیان سەرگەم بکەن. تا فریایی بیرکردنەوەی تر نەکەون. کە هەڕەشە لە کورسیەکەیان بکا.

پاشان نەیارەکانی خۆیان دەنێرنە بەرەی هەرە پێشەوەی جەنگ، تا لەو جەنگانەدا لەدەست نەیاران ڕزگاریان ببێ.

یەکەم پێغەمبەری مرۆڤایەتی دەفەرموێت: دیتاتۆرەکان، بۆمانەوی خۆیان لەسەر کورسی دەسەلات، یەکەی گیانی بەرگری خەڵک دەڕوخێنن ، کارێکی وا بە گەل بکەن کە ئیتر وزەی تێدا نەمێنێ، تا هەستێ بەکارێک کەمێک پۆزەتیف بێت.

ئەویش یەکەم جار پەلاماردانی چینە ڕۆشنبیرەکە دەدەن. بە هەموو شێوازەکان.چونکە ڕۆشنبیرانن هەڕەشەی سەرەکی و کاریزما ماتۆڕی بزوێنەری گەل. هەروەها نایاسایی کردنی کۆڕ کۆبونەوەکان، ڕێگرتن و کەناگیر کردنی ئەوانەی کە دەیانەوێ خەڵک ووشیار بکەنەوە.

کار ئاسیی دەکەن لە بلاوکردنەوەی باوەڕ بەخۆ نەهێنان، پچڕاندنی پەیوەندیەکانی نێوان هاو وولاتیوو نیشتیماندا.

بەرتەسک کردنەوەی ئازادیەکان،نە نەهێلان کە هاولاتی لە دەرگای شار دوور نەکەویتەوە،هەروەها بلاو کردنەوەی سیخوڕەکانی لە هەموو کونوو قوژبنێکی وولاتدا، تا ئاگاداری هەموو کەین بەینێکی هاولاتی بێ.

پاشان ملهوڕەکان دەکەوێتە هەژار کردنی دەست و پێوەندەکەی خۆی، تا ئەویش بیر تەنها لە پەیدا کردنی بژێوی ژیانی خۆی زیاتر، بیرکی دیکە نەکاتەوە.

دیسان حەزرەتی ئەفلاتون دەفەرموێ: دیکتاتۆرەکان دەکەونە فەراهەم کردنی پرۆژەی گەورە گەورە، تا ماوەی بیر کردنەوە نەمێنێ، هەمان سەرچاوە کەناڵی ئەلجەزیرە.

سەیرە بەڕاستی سەیرە!

لەپێش2500 ساڵەوە مرۆڤێک دانیشێت خەسڵەتی دەرونی کەسایەتی 2005 بخوێنێتەوە. کوا ئەوە کێیە، کە ئەوێرێ بڵێ حەزرەتی ئەفلاتون لە سەدامیەکانی ئەمرۆ نادوێ؟

ئەرێ ئەی ئەوانەی هێشاتا ویژدانیان زیندوە، ئەوێرن بڵێن کە ئەفلاتوون باسی فڕان فڕانی زەوی دابەشکردنی ئەمرۆی کوردوستان ناکا؟

کوان ئەوانەی بازووی ووشە دەردەپەڕاند؟

پێشینان گوتوویانە قوونی ڕەش و سپی لە بواردا دەردەکەوێ.
بوارەکە لەسەر ڕێگەمانە، دادوەرش تەنها مێژوە.
باوەڕ بکە ئەگەر سوراو سپایویش بۆ قونتان بکەن، هەر دەناسێنەوە.
دەتوانی ماسک بۆ قونت بکەی تا سپی دەرکەوێت، بەڵام بیرت نەچێ لە بواردا شەپۆل هەر بوەو دەشمێنێ، وەک ووتە بەنرخەکانی ئەفلاتوون.
مەبەستمە دوا ووتەم بەوە کۆتایی پێبهێنم کە بنووسم:نفرەت لە قەڵەمە مل کەچەکانتان،نفرەت لە خۆشتان.
نفرەت لە جەمال فەتحیەکان، کە بە قەڵەمە مل کەچەکەی پەلاماری پەپولەی ڕوحی بێگەردی ناوەندی (چاک) یدا.
چونکە زۆر نووسین هەن،تەمومژاوی و شەرمنن،بەڵام نوسینەکانی تۆ، کۆرپەساواکانی کە هێشتا گارەگاری شیر دەکەن، تێدەگەن کە تۆ داوای شیری سەوز دەکەی، ئومێدمە پارتیش ئەو شیرە سەوزەت پێ ڕەوا نەبیبێ.